# ئیستێتیکای پیت لەنێوان غەزەلێکی (مەحوی و عاصم)دا

نێچیروان جاسم

## پێشەکی

شاعیرانی کلاسیکی کورد، تا ئەو ڕادەیەی پێیان کراوە و بۆیان لواوە، ئەوپەڕی توانایی شیعریی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانن شیعرێکی بەهێز و پڕ مانا بنووسن، شیعری کلاسیکی بۆخۆی هونەرێکی پڕ لە داهێنانکارییە، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرێکی سەختە و پێویستی بەوردی و پشوودرێژی هەیە، بەگشتی شاعیرانی کلاسیکی کورد توانیویانە شیعری بەرز و بێ وێنە بهۆننەوە و ئیستێتیکییانە و هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ وشە و دەستەواژە و ڕستەی شیعریدا بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەڕووی وشە و واتاوە جوانی لە شیعرەکەدا بەرجەستە ببێت.

لەلایەکی ترەوە یەکێک لەو لایەنانەی لە شیعری کلاسیکدا بەرچاو دەکەوێت، مەسەلەی کاریگەریی شاعیرانە بەسەر یەکترەوە، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و لە ئەدەبی هەموو نەتەوە و لە گشت قۆناغ و سەردەمێکدا هەبووە.لێرەدا بەشێک لە جوانییەکانی شیعری یەکەم لە شیعری دووەمدا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەوەی مەبەستمانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر، شرۆڤە و باسکردنی غەزەلێکی (مەحوی و عاصم)ـە کە توانیویانە مامەڵەیەکی هونەری و ئیستێتیکی لەگەڵ پیتدا بکەن و ناوازەیی بە دەقەکانیان ببەخشن و وەک ئەزموونێکی شیعریی لای ئەم دوو شاعیرە ڕەنگ بداتەوە(ئەم جۆرە شیعرە لای شاعیرانی تری کورد بەرچاو دەکەوێت).ئێمە لەڕووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە، لایەنی جوانی و وێکچوون و جیاوازییەکانیان دەخەینە ڕوو.

## تەوەرەی یەکەم: کاریگەربوونی عاصم بە مەحوی

ئاشکرایە لە ڕووی سەردەمەوە مەحوی (١٨٣٦ – ١٩٠٦)پێش عاصم (١٩٠٢ – ١٩٨٠)یە، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا عاصم ئاگاداری شیعرەکانی مەحوی بووە، بەتایبەتیش ئەو غەزەلەی بینیوە و پێی کاریگەربووە؟، یان ئەمە تەنیا ڕێکەوتە، وای کردووە ئەم دوو غەزەلە لەیەک بچن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێک ڕوون دەکەینەوە؟

١- لە دیوانی (عاصم)دا، ئاماژە بەوە کراوە شاعیر شیعری زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک نالی، کوردی، ناری، مەولەوی...تاد، خوێندووەتەوە.(١)ئێمە وای بۆ دەچین شیعری (مەحوی)شی خوێندبێتەوە و پێشی کاریگەر بووبێت، چونکە دیوانی مەحوی لە ١٩٢٢ چاپ کراوە و لە ١٩٧٧ جارێکی تر چاپ کراوەتەوە.(٢)هەر دووجاریش شاعیر لە ژیاندا بووە، جگە لەوەش بەناوی (مەلا حەسەن مەرگەیی) ناوێک سەبارەت بە شاعیر ئەوە دەخاتە ڕوو «عاصم دەریایەکی ئەدەبی کوردی و فارسی بوو، سەرم سووڕما لەم هەموو شیعرەی لەبەری کردبوو، بەتایبەتی هی شاعیرە کۆنەکان»(٣)پێمان وایە شیعری (مەحوی)ش لەو شیعرە زۆرانە بووە کە شاعیر لەبەری کردوون و بەتایبەتیش مەحوی لە شاعیرە کۆنەکانە.

٢- زێد و شوێنی هەردوو شاعیر لە کوردستانی ئێراقدا بووە، هەرچەندە مەحوی لە سلێمانی و عاصم لە کۆیە، پاشان لە هەولێر بووە، هەروەها بەهەمان دیالێکتی زمانی کوردی و بە زمانی فارسی و عەرەبیش شیعریان نووسیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر کاریگەریی شاعیران بە یەکترەوە هەیە.

٣- هەردووکیان سەر بەتەریقەت بوون، جا با مەحوی نەقشبەندی و عاصم قادری بووبێت. ئەم جیاوازییە لە تەریقەتدا نەبووەتە دەمارگیریی تەریقەت لای عاصم، بەڵکو چەند جارێک ناوی نەقشبەندی لە شیعردا هێناوە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**ئەگەرچی هەمووی یەک تەریقەتە**
**یەک دین و یەک ڕێ یەک شەریعەتە(٤)**

٤- هەردووکیان شیعری سۆفیانەیان نووسیوە و بەشێکی بەرچاوی ئەزموونی شیعریی هەردووکیانە، ئەو شاعیرانەی کە لە چوارچێوەی بابەتێکی شیعریی دیاریکراو دەنووسن، زیاتر کاریگەرییان بەسەر شاعیرانی دوای خۆیان دەبێت کە لە هەمان بواردا دەنووسن.



مەحوی

کەواتە دەکرێت ئەوە بڵێین: غەزەلەکەی مەحوی کاریگەریی بەسەر غەزەلەکەی (عاصم)دا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا جێ پەنجەی بەهرە و سەلیقەی خۆیشی پێوە دیارە.

## تەوەرەی دووەم:بەرانبەریکردنی هەردوو غەزەلەکە

### یەکەم: لە ڕووی ناوەرۆکەوە

هەردوو غەزەلەکە باس لە عەشق و خۆشەویستی دەکەن و لە یار دەدوێن، واتە چەق و ناوەڕۆکی شیعرەکان، تێمەی عەشق و ئەوینی دولبەرە، جا ئەو خۆشەویستییەش توێژاڵێکی سۆفیانەی بەسەردا دراوە و شیعرەکان تامو بۆیەکی سۆفیانە دەبەخشن، چونکە وەک گوتمان هەردوو شاعیر سەربەتەریقەت بوونە، مەسەلەی عەشق و خۆشەویستی لە سۆفیزمدا بابەتێکی بنچینەییە، مەبەست لێی ئەو خۆشەویستییەیە کە «سەراپا دڵی عاشق دادەگرێت و شوێنی هیچ شتێکی تێدا نابێتەوە» (٥) ئەو عەشق و خۆشەویستییەش، یان «لە ڕێگەی عەشقی مەجازییەوە پەیدا دەبێت، یان نوورئاسا دەڕژێتە دڵ و دەروونی دڵدارەوە».(٦)

لێرەدا لەڕووی ناوەڕۆکەوە، دەستنیشانی لایەنە لەیەکچوو و جیاوازییەکانی نێوان هەردوو غەزەلەکە دەکەین:

**١- باسکردنی یار**

سەرەتا هەردوو شاعیر بە باسی یار دەست پێدەکەن.

مەحوی:

**خەتتی دەوری لێوی ئاڵت ئەی مەسیحا لام و بێ**
**هەر لە جامەی سەبز ئەچێ بۆ غەین و نوون و چیم و هێ(٧)**

عاصم:

**ئەی عەزیزم وەسڵی تۆیە بێ و دال و حەرفی ڕێ**
**قەدد و باڵای نەونیهالی تۆیە هەروەک نون و یێ(٨)**

هەردووکیان باسی یار دەکەن، بەڵام ئەو یارە کێیە؟.چۆن وەسفی دەکەن؟یار لای مەحوی گەنجێکی تازە پێگەیشتووە و لە شێوەی لاوێکی تازە موولێهاتوو دەیخاتە ڕوو، واتە جەختکردنەوەی مەحوی و وەسفکردنی یار لە دەموچاو و ڕوخساریدا چڕی کردووەتەوە، بەڵام عاصم باسی قەد و باڵابەرزیی یار دەکات و لەم لایەنەوە وەسفی دەکات.

**٢- بەردەوامبوون لەسەر وەسفکردنی یار**

هەردوو شاعیر لەسەر وەسفکردنەکەی خۆیان بەردەوام دەبن، بەڵام بەجیاواز لە یەکتری.

مەحوی:

**غونچە بازاڕی نەزاکەت داری و تەنگی شکاند**
**هەر کە زاهیر بوو لە دەوری باغی حوسنت لام و بێ**
**لەب شەکەر تا کەی لە حەسرەت خاڵی موشکینیت، دڵم**
**داغدار و خەستە بێ وەک لام و ئەلف و لام و هێ؟!(٩)**

عاصم:

**وەک نەیە قوربان قەدد و باڵایی تۆ شۆخی جووان**
**خۆ دڵت کردە نیشانە هەر بە میم و ڕێ و ژێ و و هێ**
**تیری موژگانت بە قوربان جەرگی لەت لەت کردووم**
**تا حەشر دەتکێ عەزیزم خوێن لە جیم و ڕێ و حێ(١٠)**

مەحوی لە وەسفکردنی یار تەنیا جەخت لەسەر ڕوخساری یار دەکاتەوە و سەرنجی خۆی لەمەدا چڕ دەکاتەوە و دەموچاوی یار بە باخی جوانی دادەنێت و باسی لێو و خاڵی یار دەکات و هەر لە بازنەی ئەو وەسفەدا دەمێنێتەوە، هەرچی (عاصم)ە، ئەوە لەو وەسفکردنی قەدرێکی و بەژن زراڤی یارەوە دەچێتە سەر وەسفکردنی برژانگی تیرئاسای یار، کە جەرگی شاعیری پارچە پارچە کردووە، هەر لەو دێڕانەدا هەردوو شاعیر باس لە دڵ دەکەن، دڵ کە سەرچاوە و کانگای ئەوینی یارە، خۆشەویستی لەوێوە هەڵدەقوڵێت و ڕێچکۆڵە دەگرێت.

دڵی هەردوو شاعیر، یار کاری لێ کردوون، بەجۆرێک دڵی مەحوی داغ کراوە و وەک خاڵی یار ڕەش هەڵگەڕاوە، دڵی (عاصم)یش کراوە بە نیشانەی تیری یار.

**٣- چارەی دەردی دڵدار**

هەردوو شاعیر وەک دوو دڵداری پەرێشان و ناساغ و نەخۆش، چارەی دەرد و نەخۆشییەکەیان لای یار دەدۆزنەوە.

مەحوی:

**(مەحوی) ئەمڕۆ زۆر نەخۆشە شیفای نایەت بە هیچ**
**ئەگەر شیفای بێ بە بۆیی زوڵفە و ئەو ئەگریجە دێ(١١)**

عاصم:

**چاوی مەستی یاری خۆم ئەگەر عیلاجێکم بکات**
**مومکینە بکات ئەو شۆخە ڕۆژی لام و تێ و فێ(١٢)**

چارەی نەخۆشییەکەی مەحوی لەو بۆنەدایە، کە لە پرچ و زوڵفی یارەوە دێت، هەرچی چارەی دەردەکەی عاصم لە بینین و نیگای چاوی یاردایە.

**٤- دڵڕەقیی یار**

هەردوو شاعیر باسی بێ مەیلی و دڵڕەقی یاری خۆیان دەکەن.

مەحوی:

**عیشقت ئەی جانا منی ڕیسوای عالەم کردووە**
**چاکە ئینسافت ببێ بۆ ئەلف و سین و تێ و هێ(١٣)**

عاصم:

**لوتفێ ئەگەر بێتو بکات ئەو شۆخەی ئەبرۆ کەوان**
**جان و دڵ دەیکەم فیدایی لام و نون و جیم و هێ(١٤)**

هەردووکیان گلەیی لە بێ مەیلی و بێباکیی یار دەکەن، مەحوی هەرچەندە عەشقی ئەو یارە ڕیسوای کردووە، کەچی هێشتا داوا دەکات لەگەڵیدا بەئینساف بێت، چونکە «ئەگەر عاشق لەبەر دەرگاش دەربکرێت، هەر دێتەوە و پیشەی عاشق ئەمەیە».(١٥)هەر لەم ڕوانگەیەوەش عاصم چاوەڕێی لوتفی یار دەکات، ئەگەربێتو یار لوتف و دڵنەرمی بنوێنێت، ئەوە دڵ و گیانی پێشکەشی دەکات.

## دووەم: لەڕووی فۆڕمەوە

بەتەماشاکردنی لایەنی فۆڕمی هەردوو غەزەلەکە دەتوانین خاڵە پێکچوو و لەیەک جیاکان دیاری بکەین، خاڵی هەرە دیار و بەرچاوی هەر دوو غەزەلەکە ئەوەیە، هەردوو شاعیر لە کۆتایی نیوەی دووەمی دێڕەکاندا چەند پیتێکیان هێناوە و لە دێڕی دواتر وشەیان لێ دروست کردووە، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ پیتدا، مامەڵەیەکی هونەری و ئیستێتیکییە، ئەم جۆرە هونەرە لە ڕەوانبێژیشدا پێی دەڵێن هێنانەوە (التصدیر)، یان (رد العجز علی الصدر)، ئەویش بریتییە «لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە، یان هاوڕەگەز، یەکیان لە کۆتایی دێڕەکە دێت ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، یان کۆتاییەکەی، یان سەرەتای نیوە دێڕی دووەم، ، یان ناوەڕاستەکەی» (١٦)، بەڵام لێرەدا لای هەردوو شاعیر بە جۆرێکی ترە، ئەوان پیتەکانی دێڕی پێشوو لە دێڕی پاشتر کردووەتە وشە، واتە هەمان وشەی پاتکراوە نییە، بەڵکو پیتەکان دەبنە وشە.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین هەریەکە لەم دوو غەزەلە، دوو دێڕی غەزەلەکان وەک یەکەیەکی یەکگرتووی وشە و مانا سەیر بکەین، چونکە دێڕەکان پێوەندییان بە دێڕی دوای خۆیانەوە هەیە.

**لێرەوە دەچینە سەر دیاریکردنی خاڵە پێکچوو و جیاوازییەکان:**

١- لە دێڕی یەکەمدا، لە کۆتایی هەردوو نیوە دێڕەکەدا کۆمەڵێک پیت هاتوون و لە دێڕی دووەمدا ئەو پیتانە وشەیان لێ پێکهێنراوە. لای مەحوی نیوە دێڕی یەکەم دوو پیتە و نیوە دێڕی دووەم چوار پیتە، کەچی لای عاصم نیوە دێڕی یەکەم سێ و نیوە دێڕی دووەم دوو پیتە.

مەحوی:

**خەتتی دەوری لێوی ئاڵت ئەی مەسیحا لام و بێ**
**هەر لە جامەی سەبز ئەچێ بۆ غەین و نوون و چیم و هێ(١٧)**

عاصم:

**ئەی عەزیزم وەسڵی تۆیە بێ و دال و حەرفی ڕێ**
**قەدد و باڵای نەونیهالی تۆیە هەروەک نون و یێ(١٨)**

٢- مەحوی لە دێڕی پێش کۆتاییدا نازناوی خۆی بە پیت هێناوە و لە دێڕی کۆتاییدا وشەی (مەحوی)لێ دروست کردووە، هەرچی (عاصم)ـە پیتەکانی نازناوی خۆی تۆمار نەکردووە. لەکۆتایی نیوە دێڕی دووەمی دوا دێڕەکەدا دوو پیتی هێناوە، هەرچەندە غەزەلەکەش تەواو بووە.

مەحوی:

**(مەحوی) ئەمڕۆ زۆر نەخۆشە شیفای نایێ بە هیچ**
**ئەگەر شیفای بێتن، بە بۆی زوڵف و ئەو ئەگریجە(١٩)**

عاصم:

**حۆری جەنەت لێم حەرام بێ گەر تەشبیهی بەو بکەم**
**ئێستەکێ عاصم دەسووتێ بۆ ڕۆخی وەک و هێ(٢٠)**

٣- لای مەحوی، دێڕی دووەم دوو پیتی هێناوە لە کۆتاییەکەیدا و لە دێڕی سێیەمەوە تا کۆتایی هەر چوار پیتە، لای عاصم لە دێڕی دووەمەوە سێ پیتە. لە دێڕی شەشەمەوە دەبێتە چوار پیت و دێڕی کۆتاییش دوو پیتە.

٤- ئەو پیتانەی کە مەحوی لە دێڕی پێشووتردا هێناویەتی، توانیوتی زۆر سەرکەوتووانەتر و لێزانانەتر وشەی لێ دروست بکات و هەمووی کەوتووەتە سەرەتای دێڕی دواتر، کەچی عاصم نەیتوانیوە بەهەمان ڕادەی لێزانی ئەو پیتانە تەوزیف بکات، بەڵکو هەندێک جار وشەیەکی هاوواتای لەجیاتی نووسیوە وەک نووسینی (برین) لەجیاتی (جرح)، یان وشەیەکی نزیک لەو وشەیەی مەبەستە، لێی دروست کردووە وەک (موژگان) لەبری(موژە) و هەندێکیشی یەکسەر نەکەوتوونەتە سەرەتای دێڕی پاشتر.

٥- هەردوو غەزەلەکە لەسەر کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەقسوورن و (ێ) سەروای غەزەلەکانە. غەزەلەکەی مەحوی حەوت دێڕە و ئەوەی عاصم نۆ دێڕە.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- تاڕادەیەک غەزەلەکەی عاصم لەڕووی ناوەرۆک و فۆڕمەوە کاریگەریی غەزەلەکەی مەحوی پێوە دیارە.

٢- هەردوو غەزەلەکە باسی خۆشەویستیی یار دەکەن،

وەسفی یار لای مەحوی لە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بەرجەستە بووە، لای عاصم لە یارێکی قەدرێک و باڵابەرز.

٣- وەسفەکەی مەحوی تەنیا جەخت لەسەر ڕوخسار و دەموچاوی یار دەکاتەوە، لای عاصم لە وەسفی باڵاوە دەچێتە سەر وەسفی ڕوخسار و دەموچاو.

٤- هەردووکیان یار چارەی نەخۆشییەکانیان دەکات، مەحوی بۆنی زوڵف و ئەگریجەی یار، عاصم نیگا و سەیرکردنی یار.

٥- عاصم پشوودرێژتر بووە، بەڵام مەحوی سەرکەوتووانەتر مامەڵەی لەگەڵ پیتدا کردووە.

**پەراوێزەکان:**

١- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢، لا ٧

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٠.

٣- بڕوانە:مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، چاپی پێنجەم، بلاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٧ هەتاوی، لا٩، ١٠.

٤- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٣٥.

٥- ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د.)، لەبارەی بیروباوەڕ و سۆفیگەریی باباتاهیری هەمەدانییەوە، گۆڤاری زانکۆ، ژمارەی تایبەت، حوزەیرانی ١٩٩٧، لا١٩.

٦- ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د.)، بۆچوونە سۆفیانەکانی دیوانی ئەحمەدی خانی، گۆڤاری زانکۆ، ٢٠١٣، لا٥.

٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، لا ٣٦٦

٨- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٠٠.

٩- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، لا٣٦٧.

١٠- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٠٠.

١١- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، لا ٣٦٧

١٢- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٠٠.

١٣- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، لا٣٦٧.

١٤- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٠٠.

١٥- نیکلسون، في التصوف الاسلامي و تاريخه، ت:ابو العلاء العفيفي، القاهرة، ١٩٦٩، ص٣٩.

١٦- ئیدریس عەبدوڵلا (د.)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣، لا٣٠.

١٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، لا ٣٦٧

١٨- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٠٠.

١٩- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، لا ٣٦٨

٢٠- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، لا٢٠٠.

**سەرچاوەکان:**


**یەکەم: کوردی**

**أ- کتێب**

**١- ئیدریس عەبدوڵلا (د.)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣.**

**٢- کەمال مەعروف(د).دیوانی عاصم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢.**

**٣- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، چاپی پێنجەم، بلاکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٧ هەتاوی.**

**ب- گۆڤار**

**١- ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د.)، لەبارەی بیروباوەڕ و سۆفیگەریی باباتاهیری هەمەدانییەوە، گۆڤاری زانکۆ، ژمارەی تایبەت، حوزەیرانی، ١٩٩٧.**

**٢- ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د.)، بۆچوونە سۆفیانەکانی دیوانی ئەحمەدی خانی، گۆڤاری زانکۆ، ٢٠١٣.**

**دووەم: عەرەبی**

**١-نیکلسون، في التصوف الاسلامي و تاريخه، ت: ابو العلاء العفيفي، القاهرة، ١٩٦٩.**